# (پارتی سەربەستی کوردستان) هەلێکی نوێ بۆ لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان....

پارتی سەربەستیی کوردستان، پارتێکی ڕامیاری و دیمۆکراتە، لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی سەربەخۆیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات.

تێ دەکۆشی بۆ دیمۆکراسی و ئاشتی و ئازادی، یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، ڕێزی بەرامبەر بۆ هەموو ئایینە جیاوازەکان، هەروەها هەموو چین و توێژەکانی دانیشتووی سەر خاکی کوردستان.

یەکێک لەو پارچە ژێردەستانەی کوردستانە بێ نازەکەمان کە ئازارو مەینەتی یەکی زۆری چێشتووە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمانە.... خاکی شیرینو فەرهادو خاکی قازی محەمەدو کۆماری مهاباد.

چەندەهای ساڵە پێکهاتەکانی ئەو بەشەی ووڵات وەک هەموو بەشەکانی دی وڵات لە ژێر فشاری داگیرکەردان.

وەک دەبینین بە خۆشحاڵییەوە ئەمڕۆ لە زۆر لە پارچەکانی کوردستان هەوڵێک دراوە بۆ وەدەست هێنانی مافەکانمان وەک چۆن دەبینین لە باکوری کوردستان ڕادیۆی کوردی هەیەو لە باشوری وڵات تا ڕادەیەک ئازادینو لە باشوری ڕۆژئاوای وڵاتیش کوردان لەلایەن حکومەتی سوریاوە پێناسەی بە هاوڵاتی بونیان پێ دەدرێت.

بێگومان هیچ لەم دەستکەوتانە لە ئاسمانەوە بۆمان نەهاتووەو خۆمان خەباتمان بۆ کردون، بەڵام هێشتا خەباتێکی دورو درێژ ماوە تا کوردستان ئازاد بێتو گشت مافەکانمان بەدەست بێنین.

دوای ئازاد کردنی باشوری کوردستان پێویستە هەموو پارچەکانی دی کوردستانیش خەباتێکی دیبلۆماسی ڕێکبخەنو پێ لەسەر مافەکانیان دابگرن، بۆ ئەم مەبەستەش پارتێک بە ناوی پارتی سەربەستی کوردستان ڕێکخراوە کە ئەمڕۆ دەیەوێت خەبات بکات بۆ ئازاد کردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو وەدەست هێنانی مافەکانی پێکهاتەکانی ئەو پارچەیەی وڵات.

ئەم پارتە هەلێکی نوێیە بۆ گشت لاوانو ئافرەتانی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی وڵات، چونکە ئەمڕۆ ڕۆژی خەباتی پێنوسو ڕۆشنبیریو چینی خوێنەرو لاوانە، لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت ئەم هەلە

بقۆزنەوەو هیچ پارتێکی لەم جۆرە لە هاوکاری بە ئەندامبون یان خستە ڕووی بیروبۆچونەکانیان بێ بەش نەکەن. چونکە لاوان پێکهێنەرو پێشرەوی خەباتن.

وەک هەمومان ئاگادارین تا ئێستا ژنان وەک پێویست ڕێیان پێ نەدراوە بەشداری لە سەرکردایەتی پارتێکدا بکەن، یەکێک لە مادە گرنگەکانی پاری سەربەستی کوردستان ئەوەیە کە بە لایەنی کەمەوە (30%) سەرکردایەتی پارتەکە لە ئافرەت پێک بێت، ئەمەش خاڵێکە کە جێی خۆشحاڵییە بۆ تێڕوانینێکی ڕۆشن بەرامبەر مافو داهاتوی ئافرەتان لە کوردستان.

کەوابێت وەک چۆن چەندەها ساڵە خەبات دەکەین بۆ ئازادی وڵات با هەرگیز کۆڵ نەدەینو هەوڵ بدەین بە گشت ڕێگایەک ڕۆژێک بخولقێنین کە تێیدا بتوانین فرمێسکێکی پارچەیەکی وڵات بسڕین.

**کانی هەڵەبجەیی**
**هۆڵندا**
Kani_awin@hotmail.com